نەفرەتی خودا لە جولەکەکان بێت، چەوریان (بەزی ئاژەڵیان) لەسەر حەرامکرا؛ بەڵام ئەوان تواندیانەوە وفرۆشتیان

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هەواڵ گەیشت بە عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- کە فلّان کەس ئارەق (مەی:سەرخۆشکەری) فرۆشتووە، ئەویش (عومەر) ووتی: نەفرەتی خودا لە فلّان کەس! ئایا نازانێت کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «نەفرەتی خودا لە جولەکەکان بێت، چەوریان (بەزی ئاژەڵیان) لەسەر حەرامکرا؛ بەڵام ئەوان تواندیانەوە وفرۆشتیان».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هەواڵ بە عومەری کوڕی خەتاب گەیشت -ڕەزای خوای لێبێت- بەوەی کە پیاوێک دەیەوێت فێڵ بکات ئەویش بە سوود وەرگرتن لە ئارەق (مەی: سەرخۆشکەر) ئەویش بە فرۆشتنی وبە بێ خواردنەوەی. وئەم فێڵە ئاشکرایە حەرامە، بۆیە عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- نزای لەسەر کرد هەروەکو نزای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر جولەکە فێڵبازەکان، ووتی: نەفرەتی خودای لێبێت، ئایا نازانێت کە فێڵکردن حەرامە؟ چونکە فێڵکردنە لە خودا وپێغەمبەرەکەی، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: «نەفرەتی خودا لە جولەکەکان بێت، کاتێک چەوری (بەزی ئاژەڵیان) لەسەر حەرامکرا، سوودیان وەرگرتن لێی بە فێڵکردنەوە، شێوە وسیفەتی چەوریەکەیان (بەزی ئاژەڵەکەیان) گۆڕی، وتواندیانەوە، وپاشان فرۆشتیان، ونرخەکەیان خوارد، -بە فێڵ وپیلانەوە- ووتیان: (ئێمە ئەو چەوربیەی لەسەرمان حەرامکرا بوو نەمان خوارد) وممەبەستیانە فێڵ لە خودا بکەن بەڵام خودا فێڵیان لێدەکات وپیلانیان بۆ دادەڕێژێت».

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2976